# جینایاتی تیرۆر کردنی کچه کوردیك له سوید
# و
# وه‌لامیك به "حه‌مید كه‌شكۆلی " و دوو سه‌رنج !!

محمود احمد

له رێی سایتی کوردستان نیته‌وه و، له به‌رواری ٢٣-١-٢٠٠٢، کاکه حه‌مید که‌شکۆلی هه‌والیکی دلّ ته‌زین و راچله‌کینه‌ری بلّاوکرده‌وه سه‌باره‌ت به تیرۆرکردنی کچیك له لایه‌ن باوکی یه‌وه به ناوی ( فاتمه ) وه له شاری " ئوپساله" ی وولاتی سوید. . .

سه‌ره‌تا ده‌ستخۆشانه له که‌شکۆلی ده‌که‌م بۆ ده‌ربه‌ست بوون و به ده‌نگه‌وه‌هاتنی له به‌رامبه‌ر به تیرۆرکردن و له خوین هه‌لکیشانی ئینسانیك و. . . بانگه‌وازیش ده‌کات که خه‌لك به توندی مه‌حکومی بکه‌ن. . سه‌ره‌رای مه‌حکوم کردنی ئه‌و کرده‌وه وه‌حشی و دژی ئینسانی یه، به‌لّام جیگای خۆیه‌تی ده‌زگای فکری که‌شکۆلی بدەینه به‌ر ره‌خنه‌ی هه‌مه‌لایه‌نه، که که‌شکۆلی له نامه‌که‌یدا شین و شه‌پیور ده‌کات بۆ عه‌قلیه‌تی پیاو سالاری و فه‌رهه‌نگی کۆنه‌په‌رستانی ئیسلام، وه‌ك ناسیونالیستیك دیت و ئه‌و تاوانه گه‌وره‌یه شه‌ن و که‌و ده‌کات. .

١. ده‌زگای فکری ناسیونالیستی (که‌شکۆلی ):

که‌شکۆلی ده‌لیت : ( جینایاتی له‌و چه‌شنه تازه نی یه له سویدا، ماوه نا ماوه بلّاو ده‌بیته‌وه که که‌شکولی کوشتنی ناموسی کورده‌کان رووی داوه. ئه‌وه‌ش سه‌ره‌نجامیکی زۆر خراپی هه‌یه بۆ سه‌ر کوردو، وه‌ك گه‌لیکی نامتمدن و درنده دیینه به‌ر چاوی گه‌لانی دیکه. . . )

جیگای سه‌رنج تیرامان نی یه که نووسه‌ریکی وه‌ك که‌شکۆلی هه‌روا سه‌تحی رووداوه‌کان ببینی و گۆشی کوردانه‌ی وا ده‌خوازێ له هه‌مان سه‌نگه‌ری ناسیونالیزمی کوردوه‌وه، تاوانیکی له‌و چه‌شنه دژی ئینسانی هه‌لسه‌نگینێ! ! ده‌کرا ده‌ست نیشانی ئه‌و فاکته واقیعی و ماددی یانه‌ی بکردایه که باوکیك هینده نائینسانی یان جگه‌رگۆشه‌یه‌کی خۆی خه‌لتانی خوین ده‌کات. ئیستاش به بیستنی ئه‌م هه‌واله مفته‌خۆران و کۆنه‌په‌رستانی ئیسلامی و عه‌قلی پیاوسالاری ناو کۆمه‌له‌وه ده‌ست خۆشانه‌ی لی ده‌که‌ن. .

ریزی قسه‌و دیره‌کانی ( که‌شکۆلی ) هه‌مان ئه‌و فکره‌و ئیده زالّه‌یه که ئه‌مرۆکه حیزبی حاکم و بزووتنه‌وه‌ی ناسیونالیزمی کورد و ره‌وته ئیسلامیه‌کان ئیراده‌ی خه‌لکی کوردیان پێتیك شکاندووه و دووچاری ناهه‌موارترین و بۆگه‌نترین و دژی ئینسانی ترین ده‌ردوبه‌لّای کۆمه‌لّایه‌تی یان کردوون. هه‌روه‌ك خۆی گووته‌نی جینایاتی له‌م چه‌شنه تازه نی یه له وولّاتی سووید داو. ئه‌کرێ کاکه(حمید) له ژیر چه‌تری ده‌سه‌لّاتی ره‌نگاو ره‌نگی ئه‌حزابی کوردی دا به‌هه‌زاران هه‌زار ناوی هه‌موو ئه‌و ژنانه‌ی تۆمار بکات که‌تیرور کراون، ئه‌تك کراون، یان ناچار به‌وه‌کراون خویان بسووتینن و ئه‌وانه‌شی که شانسی زیندوو مانه‌وه‌یان ماوه، بو خوپاراستن له ئه‌قلی بوگه‌نی پیاو سالاری و مه‌زهه‌بی ناچارن روژانه له کونجی ماله‌وه ده‌ست و په‌نجه له‌گه‌ل دیواردا نه‌رم بکه‌ن.

له ژیر فه‌رهه‌نگ و ده‌سه‌لّاتی کوردی دا ژنان نه‌ك هه‌ر ئازاد نین، یه‌کسان نین، به‌هره‌مه‌ندی سیاسی و اجتیماعی نین، . . به‌لکو ساده‌ترین مافی ئینسانی یان له خوگورین و هاتنه ده‌ره‌وه‌دا ده‌که‌ویته به‌ر شالّاوی بێ حورمه‌تی پێکردن و هوهاکیشانی عه‌قلی پیاو سالاری و ره‌نگ زه‌ردی که‌لله‌پووته ئیسلانی یه‌کانه‌وه. له مزکه‌وت و باره‌گادینی یه‌کانه‌وه هاوار ده‌که‌ن فریای ژنان و کچانتان بکه‌ون با بێ ئه‌غلاق نه‌بن، هاتوچوی کومونیسته‌کان نه‌که‌ن، مه‌یه‌لن له سه‌ر شیوه‌ی مودیلی غه‌ربی خویان بگورن و تیکه‌لّاوی پیاوان و گه‌نجان بن، هانی که‌س و کارو باوك و برایان ده‌ده‌ن که ریگایان لی بگرن، ته‌مێ

یان بکەن. تیزاب دەریژن بە قاچیاندا، صالونەکانی ژنان دەتەقیننەوە، ئەیان فروشن، بو خوین بایی ئاڵ و ویلیان پێ دەکەن، ماچ و عەشق و خوشەوویستی یان لی قەدەغە دەکەن، تیکەڵاوبوونیان لەگەڵ کوران دا هەزارو یەك فیتنەو مەئەساتی بە شوینەوە یە. . ئەمانە و

دەیان بێ حورمەتی تره کە روژانە بە شەخصیەت و کەرامەتی ژنانی کوردستان دەکرێ و، بە بەرچاوی هەموانەوە دەگوزەریت، لەو لاشەوە دەسەڵات داری کوردی بێ دەربەستانە و دەست ئەنقەست لە پیناوی بەرژەوەندی یە ماددی یەکانیان چاویان لە ئاست هەموو ئەو کارە دزیوو دژی ئینسانی یانەد نوقاندووەو، خەریکن بەیەکجاری فەزای مودیریزمی کوردستان لەگەڵ ئیسلام و فەرهەنگی دژی ئینسانی شەرع و باوەرو قانوونەکانی تیکەڵ ئاویزان دەکەن و، بقە ناوی (مقدسات)ی خەلکی کوردەوە بێ بەهاترین و دژی ئینسانی ترین

سوونەت و ئەحکامی مەزهەبی و عەشائیری و پیاو سالاری زیندوو کردوتەوە، بوونەتە ریگری جدی لەبەردەم مافەئینسانی یەکانی خەلك و بە تایبەت ژنان.

زیندووکردنەوەو جێ هیشتنەوەی فەرهەنگی کونەپەرستانەی پیاوسالاری لە سەر ژنان، تیرورو لە خوین هەلکیشانی ژنان دەست ئاوەلڵاهیشتنەوەی بکوژانی ژنان، ریگا دان پەیامی ئیسلام و حیزب و باندە ئیسلامی یەکان لە دژی مافە سەرەتایەکایی و ئینسانی یەکانی ژنان و کردنی بە فەرهەنگی باوو سائید لە نیو مەکتەب و خویندن و پەروەردەدا، ئیدامە دان بەهەمان قانوونی بەربەری و دژی ئینسانی ئیسلام_بەعس لە ناو

یاساکانی قانونی ئەحوالٚ شخصی عیراقی ، بەبوونی هیچ مەحکەمە و یاساکانی مەدەنی و نورماڵ و ئینسانی تا ژنان بتوانن بە هرەمەند بن و دەستیان بە مافەکانیان بگات، . . ئەمانە و چەندین پرەنسیبی ترن کە لەلایەن حیزبە

حاکمەکانی کوردستا نەوە وەك تەوقیکی نایەکسان و هەلاواردەو دژی بەشەری لە گەردن و هەناوی ژنان ئالاوون.

دەسەلات دارانی عەشائیری کوردی خویان سەرچاوەو گەورەترین کوسپ و لە مپەرن لە رێ ی داخوازی ومافە

ئینسانی یەکانی خەلکی کوردستان بە ژن و پیاوەوە، عەجیب و غەریب نی یە سەروکەللەیەکی وەحشی یانە ئەمرۆ لەووڵاتیکی پیشکەووتوی وەك سووید دا ئینسانیك خەلتانی خوین دەکات، دوینیش شەپولی ژن کوژی یەکان لە کوردستان و، سبەیش ئەگەر ریگایان لی نەگرین هەمان ئاواز و سیناریوی رەش و تاڵ دووبارە

دەبیتەوە. دەبیت یەخەی دەسەلات داری کوردی لە لایەن جەماوەری سکولارو ئازادی خوازی کوردستانەوە

بە تووندی رابتەکیت و بخریتە ژیر کونترولٚ ە ئیرادەی ئینسانی خویانەوە_ عەجیب و عارەکە لیرە دایە، لەوێ دا

نی یە ئەم تیرورو رەشە کوژی یانەی ژنان نەنگی و لەکەیەك بیت بۆ خەلکی کوردستان، خەلکی کوردستان سکولارو عیلمانین، ئازادی خوازو متمدنن، خوازیاری ژیان و ئایندەی باشترن کە یێ ی دا ئازادانە بحەوینەوە،

خوازیاری لاچونی بەلاو پەتای ئیسلام و ئیسلامی سیاسین، خوازیاری لاچوونی دەسەلاتی بە زۆر سە پینراوی

حیزبەکانی ناسیونالیزمی کوردو رەوتە ئیسلامی یەکانن، نەنگی و ئابروو تکاوی و درندەیی هەمیشە بەشی لە

لە بەر چاوو عملی هیزە دەسەلات دارەکان بووە لە بەرامبەر خەلکی دا.

ئیسلام لە فەرهەنگی (کەشکولی دا)

(کەشکولی ) دەلیت ((شایەنی باسیشە حوکمی قەتڵ لە ئیسلام دا نی یە. سورەت هەیە بە راشکاوی ریگە ئەدات بە هەر کچ و کوریك پەیوەندی سیکسی بگرن، بە رەزامەندی خویان ئەگەر ژنەکە میردی نەبیت. لە گووندی

کوردیشم بیستووە، ووتویانە کە لەبەر کونەمیزیك زەلامیك ناکوژن)) ؟!!

لە بەشی دووەمی ئەو پەرەگرافەی سەرەوەدا جوانترین رووی راستەقینەی عەقلی پیاو سالاری و دژە ژنی ئەدات بە دەستەوە. بێ حورمەتی بی ژنان بەو ئەندازەیەی کە وەك وەسیلەی سیکس بۆ دامرکانەوەی ئارەزووەکانی پیاو. ئەمە عەقڵ

و فەرهەنگی لە رادەبە=ەر دژی ئینسانی دینی ئیسلامە دەرهەق بە حورمەت و کەرامەتی ژنان و (کەشکولی ) ش لە هەمان دیدگاوە سەیری دەکاتەوە. لە کاتیکدا ژنان وەك لایەنیکی مەعنەوی و ئینسانی لە

مەسەلەی سیکس نجرید دەکاو لە هەموو بە ئینسانی یەکانی دای ئەتەکینێ. . حەیف نی یە پیاویك لە سەر کونە میزیك بکوژریت ! !

ئەی ئەوانە کێ بوون لە پیناوی عەشق و خوشەوویستی و ژیانی هاوسەری لە کەدارکران و خویان کردە خوراکی مارووميروو بە داخی هەزاران ئاواتی ئینسانی و خوزگەوە سەریان نایەوەو کونە میز بوو ؟ !

ئەی ئەوانە کێ بوون لە پایەختی فاشیستەکانی بە غدادا سەریان لە لاشە لی کردنەوە، لە کاتیکدا گیانی پاکی ئەو ژنانەی هەتا دوینێ لە شەری کاول کاری عیراق_ئیراندا نایت کلاپەکانی موصلّ و بەغداد و بەسرەدا دەیان

خزمەت باندو مافیا ئینسان کوژەکانی بەعس و، بە سەدان هەزاریان ناچاری لەش فروشی کرد لە پیناوی دەرباز بوون و سەلامەتی گیانی هاوسەرو منالەکانی ، کونە میز بوو ؟ !

کێ بوون ئەوانەی کە بەزۆر داری درانە شوو، خویان سووتاند، ئەتك کران، خوینیان پێ خوش دەکردن لە شەری

عەشائیرو کونەپەرستانەدا، لە بازاری سەوداو مامەلەی ئیسلام دا ئالّ و ویلیان پێ دەکردن. کونە میز بوو ؟ !

ئەوانە کێن ئەمرۆ و سبەی لە سەر شەقام و کوچە کولان و بونەکاندا بی دوایاندا دەگەرین تا دلخوازی خومان

هەلبژیرین پەیوەندی عاتیفی یان لە گەلدا ببەستین بۆ ژیانی هاسەری و دەست لە ملانیان بین. کونە میزن ؟ !

ئەوانە کێن کە بەشی گرنگی ژیانی من و تو داگیر دەکەن، لە ناو گیروگرفت و خوشی و ناخوشی یەکانمادا هەمیشە حازرو، لایەنی اصلی و مەعنەوی و ئینسانیمانن. کونە میزن ؟ !

ئەوانە کێن کە شەو تابەیانی شەونخونی دەکیشن بە دیار مانەوە، مالّ و حالّ پاك دەکەنەوە، کراوون

وەسیلەی ئارایشی هەمیشەی مالّ و مەتبەخ، مالداری و منالّ داری دەکەن، پینە پەرۆ دەکەن، ژیانی

ئینسانی یان لی حەرام کراوە. کونە میزن ؟ !

لە راستی دا دەبیت ئینسان شەرم بکات لە کاتیکدا بۆ مەحکوم کردنی گەورەترین تراژیدیای ئینسانی بە هەقی ژنیك کە تیرۆر کراوە بێ بە هاترین مەقوولەی دینی و عەشائیری باو کۆمەلّ بەرز بکاتەوە !

(کەشکولی ) لە بەشی یەکەمی هەمان پەرەگراف دا شین وشەپوور دەکات بو ئیسلام و شەرعی باوەری ئیسلامی کە گوایە ئیسلام ریگای داوە بە کوران کچان پەیوەندی سیکسی بگرن. ! نازانم (کەشکولی ) ئەم پاکانەیەی لە

کوێ وە هیناوە ؟! لە کام سورەت و ئایەتدا هیندە جریئی باس کراوە ؟ ! لە کاتیکدا هەر ئەمرۆ لە بەر چاوی

هەموانەوە لە کوردستان کچان و کوران ئازادنین لە پەیوەندی عاتیفی یاندا، بەدزیەوە ولەلاکۆلان دا بریاری چارەنووسی داهاتویان ئەدەن. خۆگۆرینی کچان لەسەر شیوەی مۆدیلەکانی غەربی عەیبوعارو حەرامە، بەکارهینانی بۆنی خۆش حەرامە، پیکەنینیان حەرامە، گورانی و ئاوازو مۆسیقایان حەرامە، تیکەلاوبوونیان لەگەلّ پیاوان حەرامە، هاتنەدەرەوە((تبرج)) یان حەرامە، تەسریحاتو قژ پەخش کردنەوەیان حەرامە، سەیرکردنی پیاوان حەرامە. . تاد ئەمانەو چەندانی تر واقیعی یەتی تالّو نایەکسانی دینی ئیسلامە لە بەرامبەر ژناندا، ئیتر زەمانەتی ئازادبوونی سیکس لەنیوان کچانوکوراندا لەکوێ دایە ؟!

بەداخەوە((کەشکۆلی )) باسیکی وورووژاندووە کەوەلامی زۆر هەلّ دەگرێ ولیردا امکانی ریزکردنی هەموو ئەودەقە قورئانی یانە نی یە کەچ فەزاعەتیك بەژنان دەکات بەلام هەرچۆن بیت چەندین ئایەت دەهینینەوە تالانی کەم اکتفابکات بەبۆچوونەکانی

سورەتی ((النحل)) ئایەتی (٥٧) : کچ بۆخوا دائەنین، کەچی خۆشتان چی ئارەزووبکەن

سورەتی ((یسری )) ئایەتی (٤٠): ئایە خواکەتان ئیوەی خۆش بەخت کردووە بەکورو، بۆخۆیشی فریشتەی مێ ی هەلبژاردووە؟ ئیوە قسەی پروپووچ وبێ مانادەکەن.

سورەتی ((الصافات)) ئایەتەکانی ((١٤٩، ١٥٠، ١٥٢، ١٥٣)) لەوانە بپرسە ئایە کچ هی پەروەردگارتانەو کوریش هی ئەوان ؟ کاتیك ئیمە مەلائیکەمان بەمێ دروست کرد ئەوان لەوێ بوون ؟. . . . . . . ئایاخواکچانی لەکوران بەباشتر هەڵبژاردوە؟

سورەتی ((الزخرف)) ئایەتی (١٦): مەگەرخوا لە دەست کردی خۆی کچی بۆخۆی هەلبژاردو کوریشی بە ئیوە رەوابینیوە؟

سورەتی ((المنجم )) ئایەتی (٢٧): ئەوکەسانەی بروایان بەرۆژی دوای نی یە، مەلائیکە بە کچ ناوزەند دەکەن. سورەتی ((البقرە)) ئایەتی (٢٨٢): دووپیاوبکەنە شاهید، ئەگەردەسشتتان نەکەوت ئەواپیاویك‌ودووژن. . . . . .

سورەتی "البقرە" ئایەتی (٢٢٣)، ژنەکانتان هەروەك کیلگەوان بۆتان، لەهەرکاتیکداو چۆنتان ویست بچنەلایان سورەتی ((النسا، )) ئایەتی (١١) خوافەرمان ئەدات لەنیو منالانتاندا نیرینە دووئەوەندەی مێ یینە دەبات. سورەتی " النساء "ئایەتی (٣٤): پیاوان گەورەو سەرپەرشتی ژنانن، خواگەورەی هەندیکی داوەبەرهەندیکی تردا. . . سورەتی ((النسا، )) ئایەتەکانی (٣، ٢٠، ٢١، ٢٤، ١٨٧، )، سورەتی ((الآحزاب)) ئایەتەکانی (٣١، ٥١، ٥٢، ). سورەتی ((الواقعە)) ئایەتەکانی (١٩، ٢٢، ٢٣ ، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ) وەچەندین سورەت‌و ئایەت‌و حەدیسی تر، هەمویان ئیشارت بەدیدگای نابەرابەری شەرع وباوەری ئیسلام ئەدەن لەسەر ژنان کە((کەشکۆلی )) دیت‌و پاساویان بۆدەهینیئتەوە.

مەگەر ئەو ئایەتانەی سەرەوە نیشانەی نزم‌وسووك تێ روانینی دینی ئیسلام نی یە لەبەرامبە ژناندا؟! یەکسانی وئینسانی بوونی باوەری ئیسلام لەکوێ دایە، لە کاتیکدا لەدووتوی ی زۆربەی ئایەتەکاندا بێ حورمەتی دەکات بە کەرامەت‌و شخصی یەتی ژنان؟! ژنان بە ناقص العقل‌و دەرەجە دوو دەنرخینێ‌و وەك وەسیلەی راحەتی پیاوان دەیناسینێ ئیتر بەکامە پیودانگی ئینسانی دەکرێ ئازاد بوونی ژنان دیاری بکرێ بە تایبەت دەرهەق بە مەسەلەی سیکس ؟! ژنانیك کەهیچ ئازادیەکیان لەدینی ئیسلام وشەرع وباوەرەکەی دانەبیت، دەبێ لە کامە جیگاو فەرهەنگی لە رادەبەدەر دژی ئینسانی وکۆنەپەرستانەی ئیسلام دا جیگای ئازادی سیکسی تێ دا بیتەوە؟

ئیمە هەمیشە وەك کۆمەنیستەکان شیعاری باومان ئازادی ژنان بووە لەهەموو قەیدوبەندیکی دینی و ئەخلاقی و. . . رزگاری ژنانمان کردۆتە پیوەر بۆرزگاری کۆمەلگا لەدەست هەمووزولم‌وزوریکی چینایەتی . ژنان ئینسانن‌وهەقی مننەتی کردنی ئەوەیان نی یە کەدەبێ لەلایەن دەزگای سەرکوت گەرونەزم‌ونیزامەکانەوە مافیان دیاری بکرێ، ئەوانە هەمووی مافی بێ ئەم لاوئەولای سروشتی وحقوقی خۆیانن وەك ئینسانیك کە بەشیان بە کۆمەلگای بەشەری یەوە هەیەو، بەدریژایی میژویەکی دورووودریژە لەلایەن نیزامە دەسەلات دارە یەك لەدوایەکەکان‌و، فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دینی یەوە لەقالب دراون. راستیەکەی ئیمە بۆتیك شکاندنی ئەودەسەلات‌وقانونانەوفەرهەنگە نابەرابەرە هاتووینە مەیدان‌و، هیوادارم ((حەمید کەشکۆلی ))ش یەکیك بیت لەریبوارانی ئەم ریگاو نەبەردە ئینسانی یە.

٢٤-١=٢٠٠٢